پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «پێداچوونەوەی ئەم قورئانە بکەن، سوێند بە ئەوەی کە نەفسی موحەمەدی بەدەستە خێرایی دەرچوونی قورئان (لە سینگ) خێراترە لە خۆ دەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوران لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەپێداچوونەوەی قورئان وخوێندنی بەبەردەوامی بۆئەوەی مسوڵمان ئەوەی لەبەریکردووە لەبیری نەچێت، و-صلى الله عليه وسلم- جەختی لەسەر ئەمە کردەوە بەوەی قورئان دەرچوونی لە سینگ خێراترە لە خۆدەربازکردنی وشتر لەو پەتەی پێوەی بەستراوە لەنێوە ڕاستی قاچیدا، ئەگەر مرۆڤ بەردەوام پێداچوونەوە بۆ قورئان بکات ئەوا دەیگرێت و لەبیری ناچێت بەڵام ئەگەر پێداچوونەوە نەکات ئەوا دەڕوات و لەبیری دەچێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5907